Ministry of Higher Education & Scientific Research
2006
KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**بەش : زمانی کوردی**

**کۆلێژ : پەروەردە**

**زانکۆ : سەلاحەددین**

**بابەت : پراگماتیك ـ کۆرسی دووەم**

**پەرتووکی کۆرس : (ساڵ -٢)**

**ناوی مامۆستا : م.ی . عبدالباقی اکرام احمد**

**ساڵی خوێندن : ٢٠٢٤/٢٠٢٣**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی کۆرس | سالآنە |
| ٢- ناوی مامۆستای بەرپرس | عبدالباقی اکرام احمد |
| ٣-بەش / کۆلێژ | زمانی کوردی / پەروەردە |
| ٤- پەیوەندی | ئیمێل : Abdulbaqi.ahmad @su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بە پێی ئارەزوو) : |
| ٥- یەکەی خوێندن بە سەعات لە هەفتەیەك | تیۆری : ( ٣×٢ ) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا<br>پراکتیکی : نییە |
| ٦- ژمارەی کارکردن | هەموو رۆژەکانی دەوام لە بەش ئامادە دەبم بەمەبەستی وانەوتنەوە وسەرپەرشتی قوتابیانی پۆلی چوارەم لە پرۆژەی دەرچوون |
| ٧- کۆدی کۆرس | |
| ٨- پرۆفایەلی مامۆستا | * لە سالّی ( ١٩٩٧-١٩٩٨ ) بروانامەی بەکالۆریۆسم لە زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە/ بەشی کوردی بەدەستهێناوە .<br><br>* لە سالّی ( ٢٠١٢-٢٠١٣ ) بڕوانامەی ماستەرم لە زمانی کوردی لە پسپۆری واتاسازیی _ پراگماتیك بە دەستهێناوە |
| ٩- وشە سەرەکیەکان | سەرەتاییەك، زاراوەی پراگماتیك ، هۆیەکانی سەرهەلّدانی پراگماتیك ، پێناسەکانی پراگماتیك ، ئەرکی پراگماتیك ، یەکە واتابەکانی پراگماتیك ، گوتن ، جۆرەکانی گوتن ، گوتنی وەسفی ، گوتنی را پەڕاندن ، گوتار ، ئاخاوتن ، جۆرەکانی ئاخاوتن ، ئاخاوتنی نا پێچەوانەیی، ئاخاوتنی پێچەوانەیی ، ئاخاوتنی رووت ، خوێندنەوە و پراگماتیك ، جۆرەکانی پراگماتیك ، سنوری پراگماتیك ، جیاوازی نێوان واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی ، نیشانە پراگماتیکییەکان ، کردەی قسەیی ، جۆرەکانی کردەی قسەیی ، لێکەوتە ئاخاوتنەییەکان، گرایس ، بنەماکانی هاریکاری |

١٠- ناوەرۆکی گشتی کۆرس :

* خوێندنی بابەتی پراگماتیك بۆ قوتابیانی ئەم قۆناغە لە کۆرسی دووەم گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، گرنگی کۆرسەکە خۆی لە خۆیدا ئەوەیە،کە قوتابی درك بەوەبکات و ئاشنای ئەوە بێت ، چۆن واتا روون وئاشکرا دەبێت کاتێك بە دووربەرەوە گرێ دەرێت سەبارەت بە زانیاری ، پراگماتیك ئەرکی سەرەکی ڕەواندنەوەی ئەو تەمومژە واتاییەلەگەلّ دۆزینەوەی چارەسەر و لێدانەوەی گونجاو لەبار بۆ دەربڕینە ناوێزەکان ، هەروەها قوتابی پێویسە زانیاری دەربارەی ئاستەکانی زمان هەبێت و رۆلی پراگماتیك لە

**ئاستەکاندا چییە و کاریگەریی لەسەر روون کردنەوەی واتا  بە  پێی دەوروبەر لە هەموو بوارەکانی ژیان**

**١١- ئامانجەکانی کۆرس بەشێوەیەکی گشتی ئاشناکردنی قوتابییە بە زانستی  پراگماتیک کە زانستێکی نوێیە  ، کە بەڵگە نەویستە ئەم لقەی زانستی زمانەوانی لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە و چونکە لەرێگەی ئەم زانستەوە لە مەبەستی قسەکەر تێدەگەین و جگە لەوە یارمەتیدەرە بۆ گەلێك بواری ژیان هەروە چارەسەری کێشە دەروونییەکان یاخود ئاشکراکردنی تاوان هەر لە رێگەی پراگماتیکەوە ئەنجامدەدرێت  ، جگە لەوەش قوتابی هاندەدرێت ئەوە بزانێت ،کە  پراگماتیك  گرنگی هەیە و پرۆسەی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن لە میانەی ئەم ئاستەوە دێتە ئاراوە ، جگە لەوەش ئامانجی کۆرسەکە بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێی شارەزا بە بیرکردنەوە و تێروانینێکی پڕاگماتیکانە لەو واتا دەربڕاوانەی دەوروبەر ٠**

**١٢- ئەرکەکانی قوتابی**

**دیارە قوتابی چەند ئەرکێکی لە ئەستۆدایە ، لەوانە**

**١-  ئامادەبوون  لە موحازەرەکان  پێش مامۆستای بابەت لە هۆلی دیاریکراودا  .**

**٢-  بە شداری لە گفتوگۆکانی بابەتەکە بکات .**

**٣-پەیدا کردنی  سەرچاوەی  پێوبست تایبەت بە بابەتەکە . خوێندنەوەی ئەوەی پەیوەستە بە بابەتی کۆرسەکەوە و پێشکەشکردنی پوختەیەك لە ماوەی ( ٥ ) خولەك لە  پۆل .**

**٤-وەك رێنماییەکان پێویستە قوتابی  بەشداری بکات  لەو تاقیکردنەوانەی کە لەلایەن مامۆستای بابەتەوە دیاریدەکرێت .**

**٥- قوتابی بەرپرسیارە لە نەهاتنە ژوورەوە لە کاتی دیاریکراو**

**٦- قوتابی پیویستە سەردانی پەرتووکخانەکان بە تایبەتی پەرتووخانەی زانکۆ بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی هزرو ئاوەز.**

**٧-  پێشکەشکردنی سیمیناری ماوە کورت  ،  پێویستە قوابی ئامادە بیٚ بۆ تاقیکردنەوەی لە ناکاو و ماوەکورت ( کویز )**

**١٣- رێگەی وانە وو تنەوە**

**بێگومان**  هەر بابەتێك نموونە و داتای پێویست بەخۆی هەیە لە وانەوتنەوەدا ، بۆیە رێگای هەمەرەنگ گیراوەتەبەر ، واتە روونکردنەوە و پرسیارکردن ، بەشداریکردنی قوتابی لە وەڵامدانەوە و گفتوگۆکردن ، سەرەڕای پێدانی ناوی سەرچاوەی پێوست بۆئەوەی بابەتەکان لەبەر دەستیان بیت . بەمەبەستی ئاسنکاری کە لەسەرەتایکۆرسەوە و لە یەکەم موحازەرە دا دەدرێتە قوتابی.

**١٤- سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**پرسیارەکانی ئەزموونەکان گشتگردەبن و شێوازی پرسیارەکان لە روونکردنەوە و جیاوازی و هەڵە وراست  هەروەها هۆ و هەلبژادن  دەبێت**

**١٥- دەرئە نجامەکانی فێربوون**

* ئامانجی سەرەکی لەخوێندنی  بابەتی پراگماتیك ئاشنابوونە بەو ئاستە گرنگەی زمان ، لە ڕووی ئاشنابوون بە چەمك و زاراوەکانی

**بواری پراگماتیك**

* سەبارەت بە گونجانی ناوەڕۆکی کۆرسەکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد بابەتی پراگماتیك زۆربەی بوارەکانی ژیان لە خۆ دەگرێت وەکو بابەتێکی خوێندن لە میانەی جیاکردنەوەی وەکو ئاستێکی زمان و پەیوەندی و کاریگەری بە ئاستەکانی ترەوە ، چونکە ئەم بابەت زۆر وردە

**١٦- لیستی سەرچاوە کان**

## سەرچاوەکان : سەرچاوە بنەڕەتی و سوودبەخشەکان+ گۆڤار ، ئەنتەرنێت کە لەم ساڵەدا پێویستە.

## سەرچاوە بنەڕەتییەکان


١- پ.د محمد معروف فتاح (٢٠١١) ، زمانەوانی ، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کورد چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر

٢- عبدالواحد مشیر (٢٠١١) ،زانستی پراگماتیك، ناوەندی ئاوێر بۆچاپ و بلاوکردنوە

٣- محمد محمدیونس علی(٢٠٠٤) مقدمە فی علمی لدلالە و التخاطب، دار الکتاب الجدید المتحدە

٤- طالب حسین علی (٢٠١٩) شیکر دنەوەی گوتار چاپی یەکەم ، چاپخانە هێڤی ، هەولێر

٥-سازان رەزا معین ، واتا ودەوروبەر نامەی ماستەر

٦- محمد محمدیونس علی (٢٠٠٦) علم التخاطب الاسلامی ،طرابلس

٧-دیار علی کمال (٢٠١٠) گوتاری سیاسی کوردی لە روانگەی پێشگریمانەکانەوە نامەی دکتۆرا

٨-قیس کاکل توفیق(١٩٩٥) جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان نامەی ماستەر


## سەرچاوە سوود بەخشەکان


١-د محمد معروف فتاح (١٩٩٢) باس لە جۆرێك ڕستە گ رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢٨ بەغدا

٢- هۆگر محمود فرج (٢٠٠٥) کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ١٥

٣-ئاوات ئەحمەد محمدصالح (٢٠٠٩) شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا نامەی ماستەر

٤-محمد یحیاتن مدخل الی اللسانیات التداولیە


## گۆڤار و ئینتەرنێت


١- غازی فاتح وەیس ، زمان و پەیوەندی بە مێشکی ئادەمیزادەوە ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ١٠٠ ، ١٩٨٣

٢- د. صلاح الدین صالح حسنین ، علم الدلالە و اللسانیات.

٣- محمود سعران ، علم الدلالە

٤- التداولیە : النشأە والمفهوم المعاصر https://journal.uokufa.edu.iq/

| ١٧- بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
| --- | --- |
| | م.ی. عبدالباقی اکرام احمد |
| بابەتەکان | ( ٣×٢ ) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| سەرەتاییەك | ٢١ / ١ / ٢٠٢٤ |
| هۆیەکانی سەرهەڵدانی پراگماتیك | |
| پێناسەکانی پراگماتیك | |
| ئەرکی پراگماتیك | |
| یەکە واتاییەکانی پراگماتیك | |
| گوتن | |
| جۆرەکانی گوتن | |
| گوتنی وەسفی | |
| گوتنی ڕا پەڕاندن | |
| گوتار | |
| ئاخاوتن و جۆرەکانی | |
| ئاخاوتنی نا پێچەوانەیی | |
| ئاخاوتنی پێچەوانەیی | |
| ئاخاوتنی رووت | |
| خوێندنەوە و پڕاگماتیك | |
| جۆرەکانی پراگماتیك | |
| سنوری پراگماتیك | |
| واتای سیمانتیکی | |
| واتای پراگماتیکی | |
| جیاوازی نێوان واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی | |
| نیشانە پراگماتیکییەکان | |
| کردەی قسەیی | |
| جۆرەکانی کردەی قسەیی | |
| لێکەوتە ئاخاوتنەییەکان | |
| گرایس | |
| بنەماکانی هاریکاری | |
| | |
| | |

| | |
|---|---|
| ١٨- بابەتی پراكتیك ( ئەگەر هەبێت ) | نییە |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراكتیكانە دەنووسێت كە بە نیازە بیڵێتەوە لە تێرمەكە .هەروەها كورتەیەك لە ئاما نجی هەر یەك لە بابەتەكان و بەروارو كاتی وانەكە دەنووسێت . | ناوی مامۆستا<br>وەك : ٣- ٤ كاتژمێر |

١٩- تاقیكردنەوەكان

نموونەی پرسیارەكان

ئەمەی خوارەوە روون بكەرەوە .

(( چۆن پراگماتیك ئیدیەمەكان چارەسەر دەكات ))

پراگماتیك دەوروبەرێك دەدۆزێتەوە بۆ هەندێ ڕستە كە سیمانتیك ناتوانێ لێكی بداتەوە

جیاوازی نێوان گوتنی وەسفی و گوتنی را پەراندن دەستنیشان بكە

ئەم ڕستانەی خوارەوە بە وشەی یاخود دەستەواژەی گونجاو تەواو بكە .

١- سیمانتیك بەندە بە ............ بەلام پراگماتیك بەندە بە .......... .

٢-نیشانكارەكان چۆنن.......... ورۆلی .......... دەبینن.

٣- دوو جۆر كات جیاكراوەتەوە ئەویش بریتین لە ...... و............

٤- بەشێوەیەگی گشتی جۆرەكانی پراگماتیك .......... جۆرن

بە وردی ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنە ، ئینجا هەڵە و راستی ڕستەكان دیاری بكە ، پاشان هەڵەكان ڕاست بكەرەوە

بە وردی ونموونەی پێویست وەڵامی( ٣ ) لەمانەی خوارەوە بدەرەوە بەمەرجێ دووەمی لەگەڵدابێت .

ـاتیك گرنگی بە چی دەدات ؟

ـت چییە كە دەڵێین (( بەشێكی زۆری پراگماتیك دەچێتە خانەی سایكۆ پراگماتیك .

ـانست ئەو زانیینە شاراوەیەیە ، كە قسەكەر دەربارەی زمانەكەی دەیزانێ ﴾ ئەمە چ دێنێتە ئاراوە؟

واتای مەبەست لە دەوروبەر وەردەگیرێت ، بۆیە بۆ لێكدانەوەی ئەمەش دەبێت روو لە بواری پراگماتیك بكەین

واتاجیاكانی دوو لەمانەی خوارەوە بە پێی دەوربەری گوتن لە ڕووی پراگماتیكەوە دیاری بكە ٠ ( ٦ نمرە )

١- ئەم سیارە هی تۆیە ؟

٢- ژوورەكە ساردە ٠

٣- كاروان مەكینەیە ٠

| |
|---|
|  |
| **٢٠- تێبینی تر**<br>**بابەتی واتاسازی و پراگماتیك تەواوكەری یەكترن ، تاوەكو قوتابیان ئاسانتر لە تاییە تمەندی واتا بەشێوەیەكی گشتی تێبگەن ،**<br>**بۆیە بە پێویستی دەزانم لە دوو قۆناغدا بخوێنرێت. چونكە بابەتەكە زۆر قووڵ و وردە** |
| **٢١- پێداچوونەوەی هاوەڵ**<br>**ئەم كۆرسبووكە دەبێت لە لایەن هاوەڵێكی ئەكادیمیەوە سەیر بكرێت و ناوەڕۆكی بابەتەكانی كۆرسەكە پەسەند بكات و چەند وشەیەك بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆكی كۆرسەكە و واژووی لەسەر بكات .**<br>**هاوەڵ ئەو كەسەیە كە زانیاری هەبێت لەسەر كۆرسەكە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا كەمتر نەبێت .** |